# شارستانیەتی دیجیتاڵی و گرفتی حەقیقەتە موتڵەقەکان

## ڕۆشنبیری کوردی لەکوێی دیاردەکەدایە ؟



محەمەد حسێن

دەرئەنجامێکی ئەو دیاردە ئابوری و کولتوری و سیاسیی و تەکنۆلۆجیەی ئەمڕۆ بەگلۆبالیزەیشن ناو ئەبرێت , دروست بوونی کولتوری دیجیتاڵیە , ئەوەی کەبە گلۆباڵیزەکردنی ڕۆشنبیری و , بچوککردنەوەی جیهان بۆ گوندێکی کەونی ئەلکترۆنی و ... چەندین ناوی تری جۆر بەجۆر ناوئەبرێت . ئەم گۆڕانانە لەگەڵ خۆیدا ڕەوتێکی ڕۆشنبیری دروستکردووە , کەبەکارهێنانی خێرای و زاکیرەی کۆمپیوتەری , لەهەموو کایەو ئاستە جۆربەجۆرەکاندا بۆتە یەکێك لەسیما هەرەدیارەکانی . ئەم دیاردەیە خێراییەکی سەرسوڕهێنەرو توانایەکی بێشومارو فەزایەکی بێ سنوری لەبەردەست مرۆڤدا دەستەبەر و والاٌکرد , بەجۆرێك کە ئیتر تەواوی پەیوەندیە ڕوناکبیریەکان و ئەتمۆسفێری مەعریفی و زانستی و کولتوری مرۆڤایەتی ئەگۆڕێت . هەروەها دەستکاری ماناکانی ( کات و شوێن ) ئەکات , تائەوڕادەی کەئیتر بەچەند چرکەیەك دەکرێت ئەم پەڕو ئەو پەڕی جیهان بکەین , بچینە ناو حیوارو دیالۆکی دورترین شوێنی ئەم جیهانەوە بەبێ ئەوەی ناچاربین ئەو دووریە جوگرافیە ببڕین کەنێوانمان جیائەکاتەوە . لێرەدایە کە ئیتر خێراییەکانی تەکنۆلۆجیای کۆمۆنیکەیشن و دەزگاکانی گواستنەوەو گەیاندنی ئەمڕۆ , تاڕادەیەکی زۆر دوریە جوگرافی و جیاوازیە کاتیەکانی بێ ماناکردووە . پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ و خوێندنەوە , مرۆڤ و نوسین , ڕای گشتیو هەواڵ , پیشەسازی دروستکردنی هەواڵ و زانیاری , تێگەیشتنەکانی مرۆڤ بۆ نوسین و خوێندنەوە , پەیوەندیەکانی نوسەر بەخوێنەرو , خوێنەر بە نوسینەوە , لەسایەی ئەم کولتورە دیجیتاڵیەدا هەمووی جێ گۆڕکێ ئەکات و وەك خۆی نامێنێت .

دوای دروست بوونی ئەم فەزاتازە , ئەو شتانەی لەبواری کولتوری مرۆڤایەتیدا بەنەگۆڕی ئەمێنیتەوە یەکجار کەمە . کولتوری گەلێك نامێنێتەوە بتوانێت نەچێتە ناو ئەم فەزا (تداولی ) ئاڵو گۆڕکارەوە , یان نەچێتە پەیوەندیەکی ناچارانەی کولتورە جیاوازەکانی ترەوە . لەسایەی ئەم شارستانیەتە دیجیتاڵیەدا پێوەرەکانی هێزو دەسلاٌتیش ئەگۆڕێت , ئیتر زلهێزەکان ئەوانە نین کە چەکی ئەتۆم و سوپای سەربازی گەورەیان هەیە ( وەك چۆن لۆجیکی ڕۆژانی شەڕی سارد هێزی پێ دیاری ئەکرد ) , بەڵکو لەساڵی 1991 و لەدوای شەڕی گەردەلولی بیابانەوە ئاماژەو مەدلولەکانی هێزیش گۆڕا , ئیتر زلهێزەکان ئەوانەن کە مەعریفەو زانست و ئابوری بەهێزیان هەیە , یان گەر بەزمانی ئەم کولتورە دیجیتاڵیە بڵێین , ئەوانەن کەوا ( خێراییان ) هەیە . هەرئەم دووبنەمایەش (ئابوری + زانست ومەعریفە ) ئەمڕۆ هێزی سەربازی و سیاسی دروست ئەکات , یان ئەو خێراییە دروست ئەکات کە بتوانێت لەئەمڕۆدا پێشبڕکێ تەکنۆلۆجی و زانستی و ئابوریەکان بباتەوە . کولتوری هەرمیللەتێك بتوانێت ببێتە بەشێك لەم فەزا دیجیتاڵیە و بکەوێتە پەیوەندیەکی تەداولی بەپیتەوە لەگەڵیدا , ئەوا ئەبێتە بەشێکی زیندوی ئەم فەزا بێسنورەی ئەمڕۆ , گەر نەیشیتوانی ببێتە بەشێکی زیندوی و کەڵك لەدەرفەتە فراوانەکانی وەرنەگرێت , ئەوا هەر خۆی ون ئەبێت و ئەکەوێتە چەپەك و پەناوە , ون ئەبێت بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت . بەلاٌم بوون بەبەشێك لەم چاخە دیجیتاڵیە هەروا ئاسان نیە , ئەوەنیە کەتۆبڕیاربدەیت ئایا

ئەبیتە بەشێك لەم واقعیەتە یان نا , چونکە بونێکی ئەکتیف لەنێو ئەم چاخە تازەدا کۆمەڵێك پێشمەرجی زۆرگرانی هەیە , کە زۆرکەمن ئەو کۆمەڵگانەی دەرەوەی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان تائێستا توانبێتیان ئەو پێشمەرجانە دابین بکەن . پێشمەرجەکانیش بەگشتی لەچوارچێوەی ئەم دوخاڵەدا لەدایك ئەبێت :

یەکەم : ئابوریەکی بەهێزی زانیاری دیجیتاڵیزە کراو , کەتوانای ئەوەی هەبێت پێشبڕکێی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان بکات .

دووەم : کەڵکوەرگرتن لە توانای ڕێکخەریی کۆمپیوتەرو بەکاربردنی ئەو خێراییانەی لەبواری دارایی و ئیداریدا بۆچاخی نوێی زانیاری دروستی کردووە .

ئەم پێشمەرجانە جگە لەو وڵاتە ئاسیاییانەی کەبەپڵنگە ئاسیاییەکان ناسراون ( یابان , کۆریا , سین , مالیزیا ... ) تائێستا لەهیچ وڵاتێکی ئەو ناوچانەی بەناوچەکانی کەنار ناوئەبرێن دروست نەبووە (1) .

دیارە ئەم پێشکەوتنە کەڵەکە بووی ئەو واقعیەتە ئابوری و تەکنۆلۆجیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستیەیە کەلە ڕێنسانسەوە تائەمڕۆ شارستانیەتی مۆدێرن بەرهەمی هێناوە , بەباکگراوەندی کولتوری پێش مۆدێرن و ئابوری کشتوکاڵیەوە , مەحاڵە بکرێت میللەتێك بەم کاروانە ڕابگات . ئێمە ناچین بۆلای ئەو گفتوگۆ فکریانەی ئەمڕۆ دەربارەی کێشەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئخلاقیەکانی ئەم چاخە تازە ئەکرێت , ئەو هەل و دەرفەتە نوێیانەی ئەم فەزا دروستی ئەکات , ئەو گۆڕانکاریانەی کەدەستی کاری شارەزا لەبازاڕی کاری نێودەوڵەتیدا دەیهێنێتە ئاراوە , ئەوئالۆزیە ئیتنیکی و ڕەگەزپەرستیە نوێیەی لەڕێگای دیاردەی کۆچکردنەوە ئەمڕۆ بەجیهانی ئەبێت , هەریەکەیان بۆخۆی کێشەیەکە و ڕۆژانە لەناوەندە ڕوناکبیریەکاندا مشتومڕی گەرمی لەسەر ئەکرێت . بۆنمونە نوسەرێکی وەك چۆمسکی بەدرێژی باسی ئەوەمان بۆئەکات کەچۆن ئەمریکا بەشێوەیەکی دووفاقیانەو پراگماتیانە تێرمە فکری و ڕێسا ئابوریەکانی گلۆباڵیزەیشن و فەلسەفەی بازاڕی ئازاد بەکارئەهێنێت , چۆن ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی کردۆتە کەناڵێك بۆهەناردنی بەهاکانی خۆی بۆگشت جیهان , کەئاشکرایە ئەم ڕێکخراوە بازرگانیە یەکێکە لەکەناڵە هەرسەرەکیەکانی پرۆسەی گلۆبالیزەیشن (2) . بەڵام ئەم کێشانەو خوێندنەوەیان ناچنە ناومەبەستی ئەم نوسینەوە . چونکە مەبەستی سەرەکی ئەم نوسینە خوێندنەوەی ئەو دەرفەتە تازانەیە کەئەشێت , ئەم دیاردەیە لەبەردەم کولتورێکی پەراوێزخراوی وەکو ڕۆشنبیری کوردیدا دروستی بکات . دواتریش نیشاندانی ڕادەی ئەو بەرتەسك بونەوە و ئاستەنگیانەی کە بیروباوەڕە موتڵەقگەراو خاوەن حەقیقەتە موتڵەقەکان توشی ئەبن لە تۆڕی ئەم فەزا تازەیەدا .

لەگرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەی ئەم فەزا نوێیە ئەیهێنێتە ئاراوە , شکاندن و ڕوشاندنی حەقیقەتە موتڵەقەکانە . هێنانە ئارای ناچاریەکی جەبریە بۆ خاوەن بیروباوەڕە موتڵەقەکان , چونکە کولتورێکی داخراو نامێنێتەوە سەدان ( ئەوی تری )جیاواز و ناکۆك لەڕێگای ئامرازەکانی کۆمۆنیکەیشنی نوێوە نەیەتە ناوماڵەکەیەوە . ئەو بوارانەی ئەم فەزا دروستی ئەکات بۆ بەریەککەوتنو , لەهەمانکاتدا تۆلێرانس و دیالۆك و دانوستاندن لەگەڵ ئەوانی تردا گەلێك زۆرن , بەمەش هەمووئەوانە ناچار ئەکات چاو بەحەقیقەتە کانیاندا بخشێننەوە و ئەیانخاتە بەردەم هەڵسوکەوتێکی ناچارانەوە لەگەڵ ئەوی تری جیاواز دا .

ئاڵۆزترین کێشەیەك بۆچاخی دیجیتاڵی ئەمڕۆ لەدەرەوەی وڵاتانی ناوەند و زۆر جاریش لە ڕێگای کۆچبەرەکانەوە لەوڵاتانی ناوەندیشدا توشی ئەبن , هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵ خاوەنانی ئەم عەقڵیەتە داخراوانە , چونکە ئەوانەی کە خاوەنی حەقیقەتی موتڵەقن زەحمەتە بتوانن لەفەزایەکدا بژین کە هەمووجیهان ئەکاتە یەك مەیدان بۆئاڵوگۆڕ و بەریەککەوتنی ڕۆشنبیری . ئەوانەی خاوەنی حەقیقەتە موتڵەقەکانن هەمیشە ئەوانەن کەناتوانن دەنگ و ڕەنگی جیاوازتر لەخۆیان ببینن . بەگوێرەی لۆجیکی ئەم فەزایە " حەقیقەت ئەوەنیە کەوا ئەیناسین , یان ئەمانەوێت بەشێوەیەکی سەلیم و ڕاست جێبەجێیی بکەین . بەڵکو حەقیقەت ئەوەیە وا بە بیرو باوەڕمان , بەهەوڵەکانمان , بەپراکتیك و وتەکانمان , بەئەنجامی کارەکانمان لەهەر بوارێك لەبوارەکاندا دروستی

ئەکەین " ( 3 ). لەگەڵ ئەم لۆجیکەدا , ئەو عەقڵیەتانەی کەپێیان وایە تەنها خۆیان خاوەن ڕاستی و پاکی و دروستین , ئەو ئایدۆلۆجیانەی کە خاوەنی حکایەتی سەرتاسەری و پرۆژەی چارەسەری بنەڕەتین , ناژین .
ئەم فەزا کێ ئەکوژێت , یان وردتر بڵێین کوێ وێران ئەکات بۆئەوەی لەسەر کەلاوەکانی خۆی بینا بکاتەوە , چونکە دیاردەیەك ناکەوێتە ڕو تا لەسەر حسابی چەپاندنی چەند دیاردەیەکی ترنەبێت , سروشتی هەموو گۆڕانە گرنگەکان وەهایە , هەمووئەمڕۆیەك لەسەر بناغەی چەپاندنی برێکی زۆر لەحەقیقەتەکانی دوێنێ هاتۆتە ئاراوە . بێگومان ئەم فەزا کراوە پێویستی بەعەقڵی گفتوگۆکار و لۆجیکی ڕێژەداری حەقیقەت هەیە , کەئەم لۆجیك و عەقڵیەتەیش هاتە ئاراوە , ئیترئەو پرۆژە ئایدۆلۆجیانە ناتوانن بژین کەقسەیان لەحەقیقەتی موتڵەق ئەکرد , ئیتر حکایەتە گشتگیرەکان , ئەو پرۆژانەی ئەڵێن ئێمە چارەسەری هەمووکێشەکانی کۆمەڵگامان لایە , یان ئەوانەی کە ئەیانەوێت وەڵامی حازربەدەستی هەمووپرسیارەکان بدەنەوە ئەمرن . زۆربەسادەیی ئیتر شتێك نامێنێتەوە ناوی حەقیقەتی موتڵەق و ڕاستی حاشاهەڵنەگربێت , هەمووحەقیقەت و ڕاستیەکان ئەوەیە لە ڕێگای پەیوەندی و گفتوگۆی نێوان جیاوازیەکان و تێگەیشتنە پێك ناکۆکەکانەوە دێتە بوون . یان ئەوەی هەر کەسێك و بۆخۆی حەقیقەتی خۆی ئەژی تائەو کاتەی لەپەیوەندیەکی گفتوگۆکاردایە لەگەڵ ئەوانی تردا .

# 2

## کۆمەڵگای تەداولی :

دوای ئەوەی تێزی کۆمەڵگای مەدەنی لەکولتوری عەرەبیدا ئەبێتە تێزێکی فرە بڵاو و شێوەی دروشمێکی سیاسی بێناوەڕۆك وەرئەگرێت , کەلەیەك کاتدا هەمووان بەرزی ئەکەنەوە بێ ئەوەی خۆیان بەناوەڕۆکە فکری و ئەخلاقیەکانیەوەخەریك بکەن و هاوکاتیش زۆرینەی کۆمەڵگا بێ دەربەستە بەرامبەری . بیریاری لبنانی , علی حەرب زاراوەی کۆمەڵگای ئاڵوگۆڕی ( مجتمع التداولی ) هێنایە ئاراوە . ئەو ئەم چەمکەی کردەکەرەستەیەك بۆخوێندنەوەی ڕوکارەدیارەکانی ئەو کۆمەڵگا نوێیەی لەسەردەمی کولتوری دیجیتاڵیدا دروست ئەبێت . ئێمە زۆر بەکورتی و چڕی دیدی ئەم نوسەرە لەسەر کۆمەڵگای ئاڵو گۆڕی دەخەینە پێشچاو , بۆئەوەی بزانین تێگەیشتنی ئەو بۆئەم فەزاو چاخە نوێیە چیەو , ئەو تایبەتمەندیە جیاوازانەیش ئەم کۆمەڵگا نوێیە لە کۆمەڵگانی پێشتر جیائەکاتەوە چۆنە . نوسەر لەهەشت خاڵدا بەم جۆرە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆمەڵگا نوێیە دیاری ئەکات .

1- کۆمەڵگای ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگایەکە زیاتر بەڕوخساری چینی ناوەڕاستەوە دەرئەکەوێت , نەك ئەوەی دەستەبژێری بێت . کۆمەڵگای کرێکاری خاوەن مەعریفەو دروستکەری زانیاریە , کەهەموو تاکێك تیایدا وەك ئەکتیڤیستێك لەبواری کارو ژینگەکەی خۆیدا ڕۆڵی خۆی ئەبینێت , لەگەڵ دروست بونی ئەم کرێکارە مەعریفیانەدا کەلێنی نێوان کاری دەست و کاری فکر پڕئەبێتەوە . کەئیتر بەرهەمهێنان لەهەمووو بوارەکاندا پشت بەبەرهەمهێنان لەبواری فکردا ئەبەستێت . هەربۆیە لەکۆمەڵگای ئاڵوگۆڕیدا پەیوەندیەکانی هاریکاری و یەکتر تەواوکردن و بەرپرسیارێتی دوولایەنە , جێگەی پەیوەندیەکانی دەستەبژێری و ڕاسپاردەیی و مامۆستایی دەگرێتەوە . ئەم کۆمەڵگا کۆمەڵگای دوالیزمی دەستە بژێرو جەماوەر نیە , بەڵکو کۆمەڵگای کەرت و کایە جیاوازەکانە کە هەموو خەڵك تیایدا چالاکە .

2- لەکۆمەڵگای ئاڵوگۆڕیدا کەس لەجیاتی هەمووان بیرناکاتەوە , بۆیە ئیتر چەمکەکانی وەك عەقڵی نەتەوە , ویژدانی گەل , سیمبوڵی ئازادی کە هەمیشە بانگەشەکارانی دیموکراسیەت و کۆمەڵگای مەدەنی و مۆدێرنە ئەیاندا باوی نامێنێت . لەم کۆمەڵگادا پەرستنی کوێرانە بۆ ئەو دروشمانەی کەبەناوی خوداو نیشتمان و ئازادی و حەقیقەت و پێشکەوتنەوە کەلتی سیاسی دروست ئەکرد نامێنێت , ئەم جۆرە کۆمەڵگا ئەو کەسانە دروستی ئەکەن کەچالاك و خاوەن ڕۆڵن لەبوارە

جیاجیاكانیدا , بەپێچەوانەی كۆمەڵگای پاڵەوان و فریادڕەسەكان , كەهەمیشە پرۆژەی تێكشكاویان بۆكۆمەڵگا بەرهەمهێناوە .

3- لە كۆمەڵگای ئاڵوگۆڕیدا عەقڵیەتی یۆتۆپیایی موفاریق و ئایدۆلۆجیا داخراوەكان و بەها باڵاكانی سەروی مێژوو زاڵ نیە . بەڵكو عەقڵیەتی سازش و چارەسەری مامناوەندی جێگەی خۆی ئەكاتەوە . ئەم كۆمەڵگا مەیدانێك نیە بۆدروستكردنی فیردەوسی ئازادیەكان , هێندەی كە بوارێكە بۆڕاگرتنی هاوسەنگیەكان . هەر بۆیە لەم كۆمەڵگادا هیچ بوارێك نیە بۆ نمونە باڵاكان و حەتمیەتە داخراوەكان و حەقیقەت و دڵنیاییە موتڵەقەكان , كە بەشێوەیەكی یەكجارەكی خێرو شەڕ , ڕاستی و ناڕاستی , ئازادی و دەسڵات لێكتر جیابكاتەوە . چونكە چارەسەرە كوتوپڕەكان كورتترین ڕێگەیە بۆ تێكشكان و داڕوخان .

4- كۆمەڵگای ئاڵو گۆڕی كۆمەڵگایەكی فرە ڕەهەندە , ئەمەش بەمانای فرەیی سەرچاوەكانی دەسڵات و چالاكی دێت , بەپێی كەرتەجیاوازەكانی كارو بەرهەمهێنان . هەر بۆیە لەم جۆرە كۆمەڵگادا هیچ كۆدەنگیەك نیە بەهیچ بیانوو یەك بتوانێت ئازادی بیركردنەوەو ڕادەربڕین زەوت بكات .

5- پلورالیزم لەكۆمەڵگای ئاڵوگۆڕیدا هەر بەمانای فرەلایەنی سیاسی و مەزهەبی و ئاینی و كۆمەڵەیی نایەت , بەڵكوبەمانای مامەڵەكردن لەگەڵ شوناسدا دێت بەشێوەیەكی فرەلایەن , فرەلایەنی لێرەدا بەو مانایە دێت كە داننانە بەوەی تاكەكەس خاوەن كەینونەیەكی ئاوێتەیە و شوناسێكی فرەلایەنی هەیە , ئەمەیش وای كردووە شوناسی تاك پێویستی بە زۆر چوارچێوەو دامەزراوە هەبێت بۆئەوەی گەشە بكات . ئیترلەم كۆمەڵگادا چەمكەكانی یەكدەستی و پوختەیی كۆمەڵگا پاشەكشێ ئەكات لەبەرامبەر چەمكەكانی وەك ئاوێتەیی و هەمەڕەنگی و تێكەڵی , هەر بۆیە شوناسی تاكڕەهەند و یەكدەست ئیتر بونی نامێنێت .

6- كۆمەڵگای ئاڵوگۆڕی كۆمەڵگایەكی میدیاییە , زیاتر لەوەی كە كۆمەڵگایەكی دیموكراسی بێت . هەر بۆیە بەتەنها میكانیزمە دیموكراسیەكانی ڕۆژنامەگەری بەكار ناهێنرێت بۆ پراكتیك كردنی ئازادیەكان , وەك ئەوەی لەئەزمونی كۆمەڵگای مەدەنیدا لەلایەن ڕوناكبیران و سیاسیەكانەوە ئەكرا . ئێمە ئێستا لەدیموكراسیەتی نوێنەرایەتیەوە بەرەو دیموكراسیەتی میدیایی ئەڕۆین , بەهۆی شۆڕشی زانیاریەكان و پێشكەوتنی دەزگاكانی كۆمۆنیكەیشنەوە , بەرەو دروستبونی كۆمەڵگایەك ئەڕۆین كە زیاتر كۆمەڵگای شاشەو وێنە و زانیاریە . ئەم كۆمەڵگا میدیاییە بواری بینین و گفتو گۆكردنی ڕوداوەكانمان ئەداتێ پێش ئەوەی لایەنە بەرپرسەكان و حكومەتەكان بكەونە گفتوگۆكردنی , بواری هەموو كەسێك ئەدات كەبەخۆی گفتوگۆی كێشەو گرفتەكانی خۆی بكات لەڕێگای شاشەكانەوە نەك ئەوەی دەستەبژێر نوێنەرایەتی بكات . بەم جۆرە ئێمە ئەكەوینە بەردەم دیموكراسیەتێكی ڕاستەخۆوە كەپراكتیككردنی ئازادیەكانمان لەگەڵ خۆیدا ئەگۆڕێت , بەڕادەی ئەوەی كە بواری ڕادەربڕینمان زیادئەكات . وەك ئەوەی لەڕێگەی ڕاپرسی و دەربڕینی بۆچونەوە لەڕێگای كۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەوە بنیمان .

7- كۆمەڵگای ئاڵوگۆڕی كۆمەڵگایەكی زیندووە , بەهەڵسوكەوتكردنی لەگەڵ ئەوی تری دەرەوەی خۆیدا دەوڵەمەند ئەبێت , وەك چۆن لەقبوڵكردنی هەمووجیاوازیەكانی ناو خۆی كەڵك وەرئەگرێت . كرانەوە بەڕوی جیاوازیەكانی ناوەوە لەكەمینەكان و پەراوێزو كەناركەوتووەكان دەبێتە فاكتەرێك لەتێپەڕاندنی چەمكی حەقیقەتی گشتی و ئەبستراكت , وەك چۆن بانگەشەكارانی كۆمەڵگای مەدەنی بەرەو چەمكی حەقیقەتێكی فراوا نتر ئەڕۆیشتن كە تیایدا هەموو وابەستەییە تائیفی و كۆمەڵایەتیو پیشەیی و نەقابیەكان لەبەرچاو ئەگرێت لای گەل و كۆمەڵەكان . بەم مانایە كۆمەڵگای ئاڵوگۆڕی كۆمەڵگای یەكسانی نیە لەبەردەم یاسادا بەڕادەی ئەوەی بوارێكە بۆپراكتیك كردنی جیاوازی و ڕادەربڕین .

8- كرانەوە بەڕوی دەرەوەدا بەشێوەی ئاڵوگۆڕی , بەمانای كەڵك وەرگرتن دێت لەهەموو ئەو ئەزمون و زانیاریانەی كەلای ئەوی تر هەیە . ئەمەیش بەومانایە دێت كۆمەڵگاكانی ئەمرۆ بازنەیەكی داخراو نین بەڕوی خۆیاندا لەمرۆدا كەهەموو ڕوداوێكی

لۆكالّی ڕەهەنـدێكی گـەردونی و جیهـانی هەیـە , و جیاوازیـەكانی نێـوان دەرەوەو نـاوەوە تادێـت كـالّتر ئەبنـەوە . هەربۆیـە چەمكی سەربەخۆیی وەك ئـەوەی ئایدۆلۆجیسـتە نەتەوەییـەكان بـەكاریان ئـەهێنا ئـەمڕۆ كۆن و بێكاریگـەر بـووە . چـونكە پرۆسەكانی گەشەكردن و چارەسەری كێشە ئـابوری و سیاسـی و ئاسایـشیەكان , لـەلای هـەر ولاّتێـك ئـەمڕۆ ڕەهەنـدێكی نێـو دەوڵەتی وەرگرتووەو لەئاستی كۆمەڵگای نێودەوڵەتیـدا گفتوگۆی لەسـەر ئـەكرێت . بـەم جـۆرە هـەموو كێـشەكان بـەجیهانی ئەبن , وەك چۆن ڕوبەڕو بونەوەی بەجیهانی كردنیش خۆی ئاستێك و شێوەیەكی جیهانی وەرگرتووە . (4)

ئەمـە وێنەیـەكی ئـەو كۆمـەڵگا ئاڵوگۆڕیەیـە كـە عـەلی حـەرب پێـی وایـە ئەگـەرەكانی دروسـت بـونی تادێـت زیاترئـەبێت , بـەڵكو چارەنوسێكەو كولتوری دیجیتاڵی ئەیەوێت بیخاتە بەردەم هەمولایەكمان . بێگومـان گـەلێك لـەم خەسـڵەتانەی ئـەم كۆمـەڵگا هەیـەتی هێشتا دورە لەكۆمەڵگای كوردیەوە , وەك چۆن هەندێك ڕوخساریـشی بـێ ئـەوەی ئێمـە هـیچ دەورو نەخـشێكمان هەبێـت لـە دروست كردنیدا بۆتە بەشێك لەواقعی ئێمە . سروشتی خێرایی و كاریگـەری ئـەم شارسـتانیەتە ئەلكترۆنیـە بەجۆرێكـە (بەتایبـەتی لـەدۆخی ولاّتە كەناریەكاندا ) , هەمیشە تۆئاگات لەخۆت نیە ئەو هاتۆتە بندەستتەوە , تۆهیچ خوێندنەوەو بەرنامەیەكت بۆهەڵسوكەوتكردن لەگەڵیا نیە ئەو بۆتە بەشێك لەئەزمونی ژیانگەت .

لەكۆمـەڵگای كوردیـدا هەرچـەندە لەئاسـتە ئـابوری و تەكنۆلۆجیەكەیـدا توانـا و ئامادەباشـی كـارلێكردنێكی چـالاكمان لەگـەڵ ئـەم شارستانیەتە دیجیتاڵیەدا نیە , بەڵام لەئاستی كولتوریـدا , لـەو دەرفەتـە زۆر و بێـسنورانەی ئینتـەرنێت ئەیخاتـە بـەردەم هۆشـیاری و ئەزمونی تاكەكسەوە , لەو ڕوبەرە نوێیانەی كە كۆمەڵگای ئاڵوگۆڕی دروستی ئەكات , ئەكرێت بیرلەدەرفەتی كارلێـك كـردن و كـەڵك وەرگرتن لەم بوارەنوێیەدا بكەینەوە .

# 3

ئەمڕۆ بەشی زۆری جیهان هەروا وەك ئێمە بەشێكی كارانین لەو جیهانە نوێیەی ئەم شۆڕشە ڕۆشنبیری و زانستیانە بەرهەمی دێنن , ئەوانیش هەروا لەپەیوەندیەكی بەرخۆری ( استهلاكی ) دیاردەكەدان . لەو شوێنانەی كولتوری ئەلكترۆنی بوار بەهەموان ئەدات وەكو یەك , ئەشێت ئێمەیش بیر لە وەبەرهێنانی و كەڵك لێوەرگرتنی بكەینەوە . پێویستە خۆمان بپارێزین لەو بۆچونە كۆنسێرفاتیڤانەی كە هەر خەریكی زەقكردنـەوەو قوڵكردنـەوەی جیاوازیەمێژوویـەكانی نێـوان كۆمـەڵگا خۆرئاواییـەكان و كۆمـەڵگای خۆمـانن , چـونكە سەرەڕای ئەو واقعە مێژوویە هێشتا هەر بوارێكی زۆر هەیە بۆبەشداریەكی چالاكی ڕۆشنبیری كوردی لەم جیهانە تـازەدا , ئەگـەرچی جیهانی ئینفۆرمەیشن لەچەندئاستێكدا هەر هەمان جیاوازی قوڵتر ئەكاتەوە , بەڵام گەلێك ڕوبەرو بواری فراوانیشی بەرهـەم هێنـاوە كەلاواز و پەراوێز كەوتووەكان ئەتوانن تیایدا گوزارش لەخۆیان بكەن . ئەو شارسـتانیەتە نوێیـەی ئـەمڕۆ تیـا ئـەژین هـەر ڕوخساری بەهێزە كان ڕەنگڕێژی نەكردووە , بەڵكو لاوازو هەژارو دواكـەوتوەكانیش دەنگو ڕەنگێكیـان تیاهەیـە كەبەئاشـكرا ئـەبینرێن و كـەس ناتوانێت بێدەنگ وڕەنگیان كات .

ئەمڕۆ تەواوی مرۆڤایەتی خاوەنی یەك شارستانیەتی زیندون كەشارستانیەتی مۆدێرنەیـە , ئـەم شارسـتانیەتە لەسـەدان ڕۆشـنبیری و كولتـوری جیاجیـا پێكهـاتووە , بـە كـۆ ئـەو هەمـە ڕەنگیـە ڕۆشـنبیری و ئاینیـەیان دروسـت كـردووە كـە ڕوخساری مرۆڤایـەتی ئـەم سەردەمەیە . پێش هاتنی شارستانیەتی مۆدێرن جیهان دابەش ئەكرا بۆشارستانیەتی ئیسلامی , مەسیحی , هیندۆسی , كۆنفۆشیەت ... , بەشێوەی چەند دورگەیەكی لێك دابڕاو وێنای پەیوەندیەكانی نێوان ئەم شارستانیەتانە ئەكرا , بەڵام ئـەم شارسـتانیەتانە ئێستا تەنها كەلەپورێكی مردویان لەشوێن جێماوە , نـە پەیوەندیـەكان و ئامرازەكـانی بەرهـەمهێنانیان , نەشێوازی ئیعمارو دروسـتكردنی شاریان , نەسیستەمی سیاسی و چۆنیەتی ڕێكخستنی بواری گشتیان , هیچی وەكو خۆی نەماوەتەوە . بەڵكو بەتەواوی چونەتە ناو ئەو پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنەوە كە بەلای زۆرەوە زیاد لەسەدەیەكە لەناو ئەم شارستانیەتانەدا بەردەوامە . دیارە چـەمكی شارسـتانیەت

جیاواز و گشتگیرتره له چەمکی کولتور . شارستانیەت زیاتر پەیوەندی بە هۆکارەکانی ژیان و ئامرازەکانیەوە هەیە , بە ڕادەی ئەوەی کە پەیوەندی بە ڕەوتەکانی بەرهەمهێنان و سیستەمەکانی پەیوەندی کردن و کۆمۆنیکەیشنەوە هەیە , ئەوەی زیاتر ڕوخساری شارستانیەتێکمان بۆدیاری ئەکات ئامرازەکان , تەکنۆلۆجیا , کالاَو هەموو سەرمایەو بەرهەمە ماتریالیەکانی ترە . بەلاَم ڕۆشنبیری پەیوەندی بە سیستەمی ماناو ناونیشانەکانی بونەوە هەیە , یان بە کۆسیستەمی بەهاو سەرچاوەکانی ڕەوایەتیەوە , هەر وەك چۆن لە باوەڕو فەلسەفەو هونەرو ئەدەب و کۆی سەرمایە ڕەمزیەکانی تریشدا ڕەنگ ئەداتەوە . (5)

دیارە ڕادەی پێشکەوتویی زانستی و ئابوری و کۆمەلاَیەتی و سیاسی هەر کۆمەلگایەك ئاستی بەشداری کردنیشی لەم فەزا دیجیتالیەدا دیاری ئەکات . ئەمەش بەومانایە دێت کەهاو دەرفەتی یەکسان بۆکەلك وەرگرتن لەم دیاردەیە وەك یەك لەبەردەست هەموو کۆمەلگاکاندا نیە . بەلاَم ئەمە ناکاتە ئەوەی کەتەنها بەهێزەکان ئەتوانن کەلکی لێوەربگرن , نەخێر هاوکات لەسەدان ئاستی جۆربەجۆرەوە بوارو دەرفەتی خستۆتە بەردەستی بێ هێزەکانیش . ئێستا جیهان بەو جۆرە نەماوەتەوە کەپێشتر دەنگ و ڕەنگی هەندێك ڕۆشنبیری و کولتوری میللەتە ژێردەستەکان , یان گروپە نەخوازراوو قبولنەکراوەکانی تیاخەفەئەکرا , بێ ئەوەی بهێلرێت کەس پێیان بزانێت (وەك نمونەی کورد لەسەدەی ڕابردوودا ). دیوێکی تری ئەم دیاردەیە ئەوەیە کەبواری خۆدەربڕین و خۆناساندن و تەعبیرکردن لەشوناس تاڕادەیەیکی زۆر بۆ بێ هێزەکانیش فەراهەم بووە , ئەمڕۆ کەس نیە نەتوانێت ئەوەی هەیەتی نیشانی جیهانی نەدات , لەئوسامە بنلادنەوە بۆ جۆرج بۆش , لە یوسف قەرزاویەوە بۆیورگن هابرماز هەموان وەکو یەك لەبەردەم دەرفەتە بێسنورەکانی ئەم فەزادان . کەس ڕێگەی لەئیسلامەکانی چین نەگرتووە بۆئەوەی وەك هۆمۆکانی نیویرۆك لەئینتەرنێتدا تەعبیرلەکولتورو بیروڕای خۆیان بکەن . بەلاَم پرسیاری کەینونەیی لەسەر ئەوەیە تۆ چ گوتارێکت پێیە بیخەیتە ناو ئەم فەزاوە , یان چەندە ئەتوانیت کەلك لەودەرفەتانە وەربگریت کەلەبەردەمتدا ئەکرێتەوە .

لەڕوی ئابوری و بازاڕەوە , ئاشکرایە ئابوری کوردستان بەو خەسلەتە بەرخۆری و گەندەلیەی ئەمڕۆیەوە , دورە لەوەوە بتوانێت بەشێکی چالاکی ئەم فەزابێت . هێشتا زووە بۆئەوەی چاوەڕوانی بەشداری سەرمایە داری کورد بین لەکۆمپانیا فرەڕەگەزەکاندا , یان تەماشابکەین و ببینین خێرایی کۆمپیوتەر بۆتە بەشێك لەخێرایی پیشەسازی و بەرهەمهێنان لەولاَتی ئێمەدا , یان دەستی کاری هونەری و لێزان وەك پێویست دروست بووە و بازاڕەکانی ئێمە ئەیخوازێت , هەروەها ئەوبوارەیش کە بە بازرگانی ئەلکترۆنی و سیستەمی بانکی ئەلکترۆنی ناسراوە , هێشتا نامۆیە بەئابوری کوردستان . بەلاَم لەئاستی ڕۆشنبیری و ئالوگۆڕی میدیاییدا , کولتوری کوردی بوارێکی فراوانی لەبەردەمدایە بۆکەلك وەرگرتن لەو تواناو شایستەییانەی کولتوری دیجیتالی ئەیهێنێتە بەرهەم , هێندەی تێبینیش ئەکرێت , لەبواری میدیاییدا بەشداریەکی دیاری هەیە . ئێمە ئەم بەشداریە بەگشتی ئەکەینە دووبەشەوە .

1- دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانیەکان : ئەم کەنالاَنە هەرچەندە تائێستا لەزمانحالی حیزبەوە نەبوون بەئۆرگانێك بتوانن زمان و ڕوخساری ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد بن , بەلاَم بۆیەکەم جار توانیان دەنگێکی کوردی ببەنە ئەو دیوی ئەو سنورانەوە کە داگیرکەرانی کوردستان سەپاندویانە . بۆیەکەم جوار توانای دروست کردنی ڕوداوی میدیایی بەخشیە کورد , کە لەنمونەی دەستگیرکردنەکەی ئۆج ئالاندا هەمووومان بینیمان Med tv چ ڕۆلێکی هەبوو . ئەگەر چی ئەم کەنالاَنە تائێستایش نەیتوانیوە سنوری کێشەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی ببەزێنێت , بەلاَم یەکەم کەنالی ڕاگەیاندنی دیجیتالیە کە کورد توانیویەتی لە ڕێگایەوە گوتاری خۆی بگەیەنێتە ئەو دیوی سنورە جوگرافیەکان . دیارە ئەوەمان لەپێشچاوە کەیەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەمسر دەرچووەو سنوری چەند ولاَتێکیشی بڕیوە , یان دواتریش هەندێك ڕۆژنامەمان هەیە کەتوانیویانە سنورە نێودەولەتیەکانی کورد ببەزێنن , بەلاَم توانای بلاَوبونەوەو کاریگەری دانانیان زۆرسنورداربووەو ناکرێت بەراورد کرێت بەڕاگەیاندنی دیجیتالی ئەمڕۆی کورد , ئەگەر چی بۆکاتی خۆی گرنگیەکی زۆری هەبووە .

2- دەرکەوتنی سایت و بلاَوکراوە ئیلکترۆنیەکان : ئەم ئاستەی میدیای کوردی سێ بەش و ستایلی جیاوازە .

أ- بەشێكیان هەموو ئەو بڵاوكراوانەیە كەلەواقعی ڕۆشنبیری نوسراوی كوردیدا هەیەو جارێكی ترلەم فەزا ئەلكترۆنیەدا ئەخرێتەوە ڕوو , هەموو ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوكراوانەی لە هەولێرو سلێمانی و سنەو قامیشلی هەن , جارێكی تر لەڕوبەرەكانی ئینتەرنێتدا ئەیبینینەوە . ئینتەرنێت لێرەدا هەرئەوە نیە كە كەناڵێكی تر بۆ ڕۆشنبیریە نوسراوەكە پێكدێنێت , بەڵكو بۆ ئەو كوردانەی لە ئاوارەیی و مەنفا ئەژین , یان بۆهەر لێكۆڵیارو خوێنەرێكی بیانی بیەوێت ئاگای لەهەوڵە ڕۆشنبیریەكانی ناو كوردستان بێت , ئەم بوارە باشترین كەناڵ پێك دێنێت .

ب- بەشێكی تریان ماڵپەڕە هەواڵی و ڕۆشنبیری و ئەدەبیەكانە , ئەمانە نمونەی چالاكترین بەشداری ڕۆشنبیری كوردین لەنێو ئەم فەزا دیجیتاڵیەدا . هەموو ئەو قسەو بابەتە حەرامانەی لەواقعی كوردستاندا لەبەر هۆكارە سیاسی و ئاینی كۆمەڵایەتیەكان ناتوانرێت بخرێتەڕو لەم سایتانەدا ئەبینرێت . ئەم سایتانە باشترین بوارن بۆئەو كۆدەنگیە ڕوناكبیریەی كە سەدان ساڵە كورد خەونی پێوەئەبینێت , بۆیەكەم جارە ئەم سایتانە ئەبنە ئەو كەناڵەی كە لەیەك كاتدا نوسین و بەشداری نوسەرانی پارچەجیاوازەكانی كوردستانی تیایە , ئەگەر چی نەیتوانیوە كێشەكانی نەبوونی زمانێكی یەكگرتوو , یان دوو ڕێنوسی چارەسەر بكات , بەڵام هەنگاوێكی باشە بۆدروستكردنی سەكۆیەكی ڕوناكبیری كە هەموو دەنگەجیاوازەكانی ڕۆشنبیری كوردستانی تیا كۆببێتەوە .

ج - ئەو ماڵپەڕانەی كە هەروا درێژكراوەی گەندەڵیە ڕوناكبیریەكانی ناو واقعی ڕۆشنبیری كوردین : ئەمانە هەمیشە ئەركی خۆیان لەوەدا ئەبیننەوە كە زبڵی ڕۆشنبیری بڵاوبكەنەوە . جنێو بازی , ناووناتۆرە دروست كردن , هەموو جۆرەكانی قەڵەم فرۆشتن , گواستنەوەی كێشەسیاسیەكان بۆناو بوارە ڕۆشنبیریەكان , یەكالاكردنەوەی ناكۆكیە سیاسیەكان بەئامرازە ڕوناكبیریەكان , لەئەركە سەرەكیەكانی ئەم شێوازەی كاركردنە . ئاستی قسەكردن و بیركردنەوە و نوسین لەم شێوازەی كاركردنی ڕۆشنبیری ئیلكترۆنی كوردیدا , گەلێك كۆڵەوارو بازاڕی و دەستكورتە , مرۆڤ كەنوسینێكیانی خوێندەوە یەكسەر تێئەگات بۆچی ئەم بەڕێزانە پەنایان بردووە بۆئەم شێوازە خراپە . بەشی هەرە زۆریان لەو جۆرە قەڵەمانەن كەناتوانن بەنوسینی جدی هیچ بەشداریەكیان هەبێت بۆیە ئەم مەیدانە نابوتەیان هەڵبژاردووە . هەندێك لەسایتەكانیان خوێنەر كە تەماشای كرد یەكسەر ئەوەی بۆدەرئەكەوێت ئەو سایتەو ئەو نوسەرانەی تیایدا ئەنوسن تەفەڕوغیان كردووە بۆجنێودان بەیەكێك لە حیزبەدەسەڵاتدارەكانی كوردستان , دیارە یەكسەر ئەوەیشیت بۆدەرئەكەوێت كەتاڕادەی لایەنگیرو بێدەنگە بەرامبەر كەموكوڕیەكانی ئەو حیزبەكەی تریان . عەقڵیەتی ڕەخنەگرتن لەم سایتانەدا هێشتا نەیتوانیوە هەنگاوێك بێتە ئەم دیوی ئەو عەقڵانەوەكەئاگری شەڕی ناوخۆیان بۆپارتە شەڕكەرەكان خۆش ئەكرد . دوای وەستانی شەڕی ناوخۆ و كۆتایی هاتنی شەڕەجنێوە میدیاییەكەی , هەموان بەتەما بوین ئیتر ئەم جۆرە نوسینانە بازاڕیان نەمێنێت , بەڵام هەر زۆر زوو ئینتەرنێت بازاڕی كاری ئەمانیشی دابین كرد .

## 4

ئاساییە هەموو دیاردەیەكی تازە بەلای خەڵكانێكی زۆرەوە ببێتە جێگەی گومان و پرسیار كردن , یان ترس و دڵەڕاوكێ , گەر لایەنگرو داواكاریشی هەرچەند بێت . كولتوری دیجیتاڵیش لەم ڕێسا بەدەرنیە , وەك چۆن خەڵكانێكی زۆر هەیە بەشێكی هیواكانی خۆیانی پیاهەڵئەواسن , ئەوا خەڵكانێكی تریش هەیە بەترسێكی سەختەوە لێی ئەڕوانن . كۆی ئەو ترسە جۆربەجۆرانەی بەرامبەر ئەم دیاردەیە هەیە دەكرێت لەنێو دووجۆر ترسدا پۆلێنی بكەین , ئەگەر چی هیچ ئایدۆلۆژیایەكی مۆدێرن و ئاینی و نەریتی نیە ترسی تایبەت بەخۆی و, پاساوو بیانوی جۆربەجۆری بۆئەو ترسانە نەبێت , بەڵام بەگشتی ئەم دووجۆرە ترسە ئامادەیی هەیە :

یەکەمیان : ترسێکی هیومانیستانەیە , ئەم ترسە لەترس لەعەقڵئامێری لای قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە , تائەگاتە لای جان بۆدریارو جۆرج بالاندیٚ و نعۆم چۆمسکی و گروپە نەیارەکانی گلۆباڵیزەیشن بەردەوامە . زۆربەکورتی , ئەوانەی خاوەنی ئەم ترسەن پێیان وایە گەشەکردنی تەکنۆلۆجیاو زاڵبونی بەو خێراییەی کە هەیە و مۆنۆپۆلکردنی ئابوری جیهان لەلایەن کۆمەڵێك کۆمپانیای فرەرەگەزەوە , ئەبێتە هۆی پەراوێز خستنی دەستی کاری مرۆڤ , هۆشیاری و خەیاڵ و زەوقی مرۆڤ , پەیوەندیەکانی مرۆڤ ...هتد , ئەمە ترسە لەو دۆخەی کە لای ( هۆرك هایمەرو ئادۆرنۆ ) بەزاڵبونی عەقڵئامێری ناو ئەبرێت , دۆخێك کە مرۆڤ ئەکاتە کۆیلەی ئەو تەکنۆلۆجیای عەقڵی خۆی بەرهەمی هێناوە . بەشی هەرە زۆری کولتوری فکری پۆست مۆدێرنەکان رەخنە گرتنە لەم دیوە کۆنترۆلگەرای پرۆژەی عەقڵی مۆدێرنە . ئەم ترسە مێژووییەیە کە ئەمرۆ بەرامبەر کولتوری دیجیتاڵی لەهەر کات زیاتر هەستی پێئەکرێت , ئەمرۆ شێوازی دەربرینی ئەم ترسە تارادەیەکی زۆر ترسە لەو دابەشبونە ترسناکەی کە 80٪ جیهانی خستۆتە ریزی وڵاتە هەژارەکان و 20٪ ەکەی تریش خواپێداوەکان (6). ئەمە ترسە بەرامبەر ئەو توانا بێسنورانەی تەکنۆلۆجیا بۆ میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردنی ئیدارەی بیرۆکراتی مۆدێرن و , هەرچی زیاتر گەشەکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمپانیافرەرگەزەکان دروستی کردووە .

دووەم : ترسی نەریتخوازەکانە , ئەمانە پێیان وایە فەزای کولتوری دیجیتاڵی مەترسیەکە بۆسەر بەها پیرۆزەکانیان , ئیتر لێرەوە بەپێویستی ئەزانن بەهەموو شێوەیەك روبەروی ببنەوە . جیهان بەلای ئەمانەوە دوو بەشی لێك جیاوازی دابەشبووە , بۆ کولتورێکی خۆمانە , کە ئەکرێتە سەرچاوەی هەرچی جوانی و چاکیەك بشێت لەم جیهانەدا مرۆڤ بیری لێبکاتەوە , لەبەرامبەریشدا کولتوری بێگانە کەئەکرێتە سەرچاوەی ناشیرینی و هەرەشەو مەترسییەکان . ترسی سەرەکی ئەمانە پاراستنی پیرۆزیەکانیانە , هێشتنەوەی شورا کەلەپوریەکانیانە , بەرامبەر ئەو لێشاوەی زانیاریو مەعریفەی ئەلکترۆنی هەموو رۆژێك ئەیرژێنێتە ماڵەکانیانەوە . دیارە هەلگرانی ئەم ترسە خۆیشیان بوون بەبەشێك لەم فەزا دیجیتاڵیە . هەر بەهەمان ئامرازەکانی ئەم فەزا , سەتەلایت , ئینتەرنێت , ئامرازەکانی تری کۆمۆنیکەیشن , شەرە وەهمیەکانیان لەگەڵ ئەم دیاردەدا ئەکەن . چونکە خۆیان باش ئەزانن بەگوتاری مەلای مزگەوتەکان , یان کۆری کادیرە حیزبیەکان , روبەرو بونەوەی ماسمیدیای گلۆباڵیزەیشن کارێکی نەکردەنیە .

کولتوری دیجیتاڵی گەر بەچاوی ترسەوە سەیری کەین , یان چاوی ئومێد , دێت و دەبێتە بەشێك لە ژیانی واقعیمان , هیچکام لەو گوتارە ئایدۆلۆجیانەی کە لە ناو پرسیارو کێشەکانی جیهانی مۆدێرنەوە بۆمان جێماوە , بەشی ئەوە زیاتریان پیٚ نیە کە لە نیوەی راستیەکان زیاترمان نیشاندات , یان رویەك لەروەکانی گرفت و کێشەکانیمان بۆرون بکاتەوە , ئەو کۆمەلگا نوێیەش کەلەئەنجامی ئەم دیاردەیەو فەزاکراوەکەیەوە دروست ئەبێت , کۆمەلگایەك نیە حەقیقەتە موتلەقەکان , پرۆژە سەرتاسەریەکان بتوانن بەئارامی تیا بژین بیٚ ئەوەی رۆژانە نەکەونە بەریەککەوتنەوە لەگەل دەیان جیاوازی و ناکۆکیەوە کەگلۆباڵیزەیشن ئەیهێنێتە بەردەرگای ماڵەکانیان , ئیتر ئاساییە ئەم دیاردەیە وەك سەرچاوەی ناسەقامگیری و تێکدەری ئارامی لەلایەن خاوەنانی حەقیقەتە موتلەقەکان تەماشاکرێت , چونکە ئەم شارستانیەتە ئەلکترۆنیە پرسیارو گومانی رۆژانە ئەخاتە بەردەم بوون و رەوایەتیان . لە چاخی نویٚ و کۆمەلگای تەداولیدا هەموو مرۆڤێك پێویستی بەدیالۆکی ئەوی ترە , تابتوانێت بگاتە دۆزینەوەی لۆژیکێکی رازی کەر , یان ئەوەی لەزمانی سیاسەتدا پێی ئەوترێت ( چارەسەری مامناوەندی ). ئەمرۆ کەس بەوە سەرکەوتوو نابێت لەناو چوارچێوە ئایدۆلۆژیەکەی خۆیدا خۆی دابخات و هەرچاوەروانی ئەوە بێت چ رۆژێك هەموو دنیاو , هەمووکۆمەلگا بێتە سەر باوەرو رێبازەکەی ئەو , دنیای هاوچەرخ ئیتر دنیای ئەو عەقلیەتانە نیە کەئەیانەوێت جیهان بگۆرن بۆئەوەی لە گەڵ کلێشە سیاسی و ئەخلاقیەکانی ئەواندا بگونجێت , تەنها ئەو عەقلانە ئەتوانن ئەمرۆ بژین کەپێیان وایە تەنها خاوەنی بەشێکی حەقیقەتن و ئەشێت بەشەکانی تری لای ئەو کەسانە بێت کەلەگەڵ ئەو جیاوازو ناکۆکن .

لەئەنجامی ئەم ترسەدا , جۆرێك دەرگیربوون بەرامبەر دیاردەكەو هەژمونی تەكنۆلۆجیای ئینفۆرمەیشنی ئەمڕۆ ئەبینین , ئەم جۆرەیان دەكرێت بە(پراگماتیەت ) ناوی ببەین , ئەمانە پێیان وایە ئەشێت دەسكەوتە تەكنۆلۆجیەكانی ئەم شۆڕشە ئەلكترۆنیە بەكاربهێنرێت بەدابڕاوی لەباكگراوەندە فكری و مەعریفیەكانی , یان وەك ئەوەی جۆرج تەرابشی ئەڵێت : بەدەر لەلایەنە ڕۆحیەكەی دیاردەكە , تەرابشی وەك نمونەیەك بۆئەم پراگماتیەتە لای هێزە جیهادیەكان سایتی ئەلكترۆنی ( Islamonlien ) كە سایتی خزمەت گوزاری ئیسلامە لەسەر ئینتەرنێت , بەنمونە دەهێنێتەوە . تەرابشی نمونەكەی بەهێنانەوەی وتەیەكی یوسف قەرزاوی ڕونتر ئەكاتەوە كەلە پێشەكی نامیلكەی سایتەكەیدا ئەڵێت " ئێمە پێشتر بۆخزمەتی خۆمان چاپەمەنی و ڕادیۆو تەلفزیۆنمان بەكارهێناوە , ئێستایش ئەم ئامێرە تازەیە دروستبووە (تۆڕی ئینتەرنێت ) كە خەڵكی هەموو ئاین و كولتورە جیاوازەكان بەكاری ئەهێنن لەخزمەتی ئاین و كولتوری خۆیاندا , وە ئەركی موسوڵمانانیشە كەئەم ئامێرە بەكاربهێنن لەخزمەتی ئاینە مەزنەكەیاندا " (6)

ئەم نمونەی تەرابشی باسی ئەكات بێگومانم لەناو هێزە كۆنزەرفاتیڤەكانی ئاینەكانی ترو , كەلەپوری نەتەوەكانی تریشدا ئامادەیی هەیە . ترس لەبوارە بێسنورەكانی فەزای ئیلكترۆنی گلۆبالیزەیشن , جیاوازە لەهەر ترسێكی تر بەرامبەر هەر دیاردەیەكی تر . لێرەدا ترس نابێتە هۆی گۆشەگیربون و دوركەوتنەوە و چارەسەری خۆپارێزی , وەك ئەوەی هەر دیاردەیەكی تری ترسناك دروستی ئەكات , بەڵكو ترسی ئەم دیاردەیە دەبێتە پاڵنەرێك بۆئەوەی ترساوەكە بەشداری تیادا بكات و ببێتە بەشێكی چالاك لێی . ترساوەكان دێن لەو بوارانەیدا كە توانای بەشداریكردنیان تیایدا هەیەو , پێیان وایە دەكرێت كەڵكێكی لێوەرگرن , هەوڵئەدەن خۆیانی تیا بدۆزنەوە . ئەوانەی بەم شێوازە پراگماتیە هەڵسوكەوت لەگەڵ كولتوری دیجیتاڵیدا ئەكەن , باوەڕیان وایە كە ئەشێت دیاردەكە دابەش بكەن بۆ گلۆبالیزەیشنێكی خراپ و گلۆبالیزەیشنێكی باش , بەمەش هەوڵی بەكارهێنانی لایەنە باشەكەی ئەدەن , بێ ئەوەی بهێڵن لایەنە خراپەكانی كەلەپورە خاوێنەكەیان لەكەداربكات . گرفتی سەرەكی ئەم لۆجیكە ئەوە نیە كە ( ئەیەوێت وەك نەعامە سەری خۆی بكاتە ژێرلەكەدا بۆئەوەی دنیایەكی نەویستراو نەبینێت ) , بەڵكو كێشەی لەوەدایە ئەكەوێتە ناو ناكۆكیەكی فكری و مەعریفی قوڵ لەگەڵ خۆیشیدا , ئەوان نازانن كە مەحاڵە تابۆ و قەدەغە بەسەر ئینتەرنێت و كەناڵە فەزاییەكاندا بسەپێنرێت , هەموو ئەو هەوڵانەیش كە بۆخۆپارێزی و ئاوێتە نەبوون ئەدرێت هەمیشە توشی تێكشكان ئەبێت . چونكە شارستانیەتی ئیلكترۆنی بۆتە فەزای زاڵی ئەمڕۆ , تائەوڕادەی دەستكاری شێوەو ڕوخسارە فیزكیەكانی مرۆڤ ئەكات , هەڕەشەی گۆڕانی چارەنوسسازلەبەهای مرۆڤ و كولتوری مرۆڤایەتی ئەكات لەڕێگای زانستی جین و مەسەلەی كۆپی كردنەوە , ئەمڕۆ هەر دەزگامیدیاییەكانی ئەم دیاردەیە كە زەوق و شێوازی خواردن و خەو و ڕابواردنی مرۆڤیش دەست نیشان ئەكەن . هەر بۆیە مەحاڵە بیر لەدژایەتی كردنی بكرێتەوە بەبێ ئەوەی نەبیتە بەشێك لێی . ئەو چالاكیانەی كەئەكرێت بەبەشداریەكانی ڕۆشنبیری كوردی لەم دیاردە تازەدا تەماشای كەین بێگومان گەلێك بچوكە بەبەراورد بە بەشداری میلەت و ڕۆشنبیریەكانی تر , بەڵام بەڕەچاوكردنی ئەو بارودۆخە سیاسیە خراپەی ئەمڕۆ كورد تیایائەژی , یان ئەو دواكەوتوییە مێژوویەی واقعی ڕۆشنبیری كوردی تیا دروست بووە , كۆمەڵێك هەنگاوی باش و سەركەوتوو نراوە و دەستكەوتی گرنگیشیان لێ كەوتۆتەوە . بەدڵنیاییەوە لەساڵانی داهاتودا دەرئەنجامی گەورەی لێئەكەوێتەوە

.......................................................................................................................

.

1- ئازاد حمە : چاخی زانیاری , دەروازەیەك بۆمانوێل كاستلێس ,ل 153 چاپی یەكەم 2003 : دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .
2- نعوم تشومسكي / العولمة والارهاب : الهيام بالأسواق الحرة :ص21 - 50
3-علي حرب / العالم والمأزقه , منطق الصدام ولغة التداول , مركز الثقافي العربي , الدارالبيضاء - مغرب / ل 122 .

4- هەمان سەرچاوەی پێشو : ئەم هەشت خاڵە لە سەرچاوەکەدا پێنج لاپەڕەی ماماناوەندیە , لە ل / 144وە بۆ 149 : من تاڕادەیەکی زۆر هەوڵمداوە دیدی نوسەر کەلەم هەشت خاڵەدا دەری بڕیوە کورت و چڕبکەمەوە .

5- هەمان سەرچاوە / ل 62 .

6- هانس-بيترمارتين , هارالدشمان / فخ العولمة : ت د. عدنان عباس على : سلسلة 238 عالم المعرفة : كويت _ ل 21

7-جورج طرابيشي / من النهضة الى الردة / تمزقات الثقافةالعربية في عصر العولمة / دارالساقي / 2000 / ص 178